## گازی زۆپا پاسەوانێک دەخنکێنێ

شەوی ٦-٢٠٠٨/٢/٧ ولاتیەک بەناوی (ئە. م) تەمەن ٤٦ساڵ، پاسەوان لە فێرگەیەکی ناحیەی سمێلانی سەر بەقەزای چۆمان لەدەوامی ئاسای خۆیدا لە فێرگەکە بەهۆی نەمانی ئۆکسجینەوە لە ژورەکەیدا بەهۆی غازی سۆپاکەوە گیانی لە دەست دەدات.

جێگەی ئاماژەیە ئەمە سێیەمین رووداوە کە لەماوەیەکی کورتدا روودەدا، پێشتر حەوت کەس لە خێزانێکی کەمپی کاوە کە هاوارەکانی رۆژهەلاتی تێدا نیشتەجێکراون گیانیان لەدەست دابوو، دوای ئەوانیش سێ کەسی دیکە یەک خێزان لە بنەسلاوە بەوهۆیەوە خنکابوون.

## گوندی سەکران بەرەو چۆلکردن دەڕوات

فێرخوازانی گوندی سەکرانی سەر بەقەزای چۆمان بەهۆی نەبوونی فێرگەی بنەڕەتی توشی گرفت بونەتەوە، ٥ فێرخواز وازیان لە خوێندن هێناوە، ٣ بنەماڵەی دیکەشانەی بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەخوێندن بێبەش نەبن ماڵەکانیان باریان کردوە و گوندەکەیان بەجێ هێشتوە.خەڵکی گوندەکە پەرۆشی دوارۆژی منداڵەکانیانن، بۆیە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەرساڵی داهاتوو فێرگەیان بۆ دروست نەکرێت، ناچار گوندەکەیان چۆل دەکەن ، چونکە ئەوان نایانەوێ منداڵەکانیان لەمافی خوێندن بێبەش بن.

## ناعەدالەتی لە قەرەبووکردنەوەی زیانلێدراوانی بناری قەندیل دەکرێ

بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی گوندەکانی بناری قەندیل کە لەئاکامی هێرش و بوردمانی فڕۆکەکانی تورکیاوە زیانیان لێکەتبوو، دەزگا خێرخوازیەکان هاوکاریان بۆ کۆکردبوونەوە، لایەنی حکومیش بەسەری دابەش کردبوون، بەلام خەڵکەکە نارەزایی لە نارێکی و نابەرابەری دابەشکردنی ئەو قەرەبووانە دەردەبڕن. مامۆستایانی گوندی (قەلات)ی دۆلی باڵەییان دابەشکردنەکە بە نارەوا دادەنێن و پێیانوایە کە نایەکسانی لەدابەشکردنی کەل و پەلەکان کراوە، هۆکارەکەشی بۆ مەیلداری حزبایەتی دەگێڕنەوە! ئەوان پێیانوایە چونکە سەر بە پەروەردەی کۆیەن وێڕای ئەوەی کە ناوەکانیان لە لیستەکەنوسرابوو، بەلام لێپرسراوی ئاسایش کە بەرپرسی لیستەکە بووە ناوی ئەوانی ڕەش کردۆتەوە وئەوانیان لەو ملیۆن دینارە بێبەش کردووە کە حکومەت بڕیاری دابوو پێیان بدات. هەندێکیان پێیانوایە کەسانی ناو ئەو لیژنانە پارەکەیان بۆ خۆیان گلداوەتەوە.

## منداڵەکەی لێدەسێنن،لەداخانا خۆی دەسووتێنێ

رۆژی ٦-٢-٢٠٠٨ ژنێکی تەمەن ٢٦ ساڵ، بەناوی (ج.س) دانیشتووی شارۆچکەی پیرمام خۆی سووتاند.

بەگوێرەی زانیاریەکان هۆکاری خۆسووتاندنەکە دەگەڕێتەوە بۆ لێسەندنەوەی منداڵەکەی بەهۆی ئەوەی کە لە مێردەکەی جیابۆتەوە. ئەویش بە رۆیشتنی منداڵەکەی زۆر داخبار دەبێ، کۆنترۆل لەدەست دەدات و پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ، کە بەداخەوە هەر ئەو رۆژە گیان لەدەست دەدات.

## دوای لاقەکردن خۆشەویستەکەی دەکوژێ

رۆژی ٣-٢-٢٠٠٨ کەسێک بەناوی (م.ئە) دانیشتووی گەڕەکی ئاوارەکانی کەرکوکی شاری رانیە بەتۆمەتی کوشتنی خۆشەویستەکەی لە بازگەی هیزۆپ دەستگیر دەکرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە خەڵکی چەمچەماڵە، ماوەیەکی کورتە لە رانیە نیشتەجێ بووە، لەپەنای خۆشەویستیدا کچێک فریوی دەدات و دەستدرێژی دەکاتە سەر، لەترسی ئاشکرابوون، دەیکوژێ و دەیەوێ رابکات و خۆی بشارێتەوە، بەلام لە بازگەی هزۆپ دەستگیر دەکرێ و رادەستی دادگە دەکرێ.

## فێرخوازانی زانکۆی سۆران لە نیگەرانیدا دەژین

فێرخوازانی کۆلیژی پەروەردەی ئێوارانی زانکۆی سۆران تا ئێستا لە چارەنووسی خۆیان دڵنیانین، نازانن کە ئایا کۆلیژەکەیان دادەخرێ یان دەمێنێتەوە. لەم پێوەندەدا ژمارەیەک فێرخوازی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سۆران لەرێگەی ئیمایلەوە داواکاری خۆیان بۆ هەفتەنامەی رۆژی گەل ناردووەو داوایان لێکردووین کە دەنگیان بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری خوێندنی بالا بگەیەنین.

فێرخوازان بەهۆی ئەوەی لە داهاتووی خوێندنی ئەم ساڵەیان دڵنیانین، دەخوازن کە وەلامی راستیان پێبدرێتەوە، ئەگەر کۆلیژەکە دادەخرێ تا مشوری خۆیان بخۆن و چیتر سەرمایەگوزاری نەکەن، چونکە زۆربەی فێرخوازانی کۆلیژەکە لە دەرەوەی شارۆچکەی سۆرانەوە هاتوون، بەوهۆیەشەوە ناچارن لەسەر گیرفانی بنەماڵەکانیان درێژە بە خوێندنیان بدەن، بۆیە ئەگەر لە داهاتوویێکی کورت دا وەلام نەدرێنەوە، لەوانەیە شێوازێکی دیکە بۆ گەیاندنی داواکاریەکەیان بگرنەبەر.

## بە پشتیوانی بەرپرسێک بنکەی تەندروستی چووارقوڕنە بۆ کەسێک دەمێنێتەوە

بەگوێرەی زانیاریەکان لەسەرەتای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە بینایەی بنکەی تەندروستی شارۆچکەی چوارقوڕنە لەلایەن ولاتیێکەوە دەستی بەسەر داگیراوە، لەلایەن بەرپرسێکەوە پشتگیری لێدەکرێ، بەوهۆیەوە ئامادە نیە بۆ وەزارەتی تەندروستی بیگێڕێتەوە، بەڕێوەبەرێتی ناوچەکەش چاو دادەخەن و گوشاری لێ ناکەن، لەکاتێکدا کە چوارقوڕنە پێویستی بە بنکەی تەندروستی هەیە، ئێستا ئەگەردانیشتووانەکەی بۆ سەردانی پزیشک و دەرمان وەرگرتن، ناچارن روو لە نەخۆشخانەی شاری رانیە بکەن، ئەمەش بەگران لەسەر خەڵکی شارۆچکەکە رادەوەستێ.

راستیەکەی ولاتیان دەبینن کە لایەنە دەستەلاتدارەکان بینایەو زەوی حکومی لەسەر ناوی خۆیان تاپۆ دەکەن، ئەوانیش چاویان لێدەکەن و لاساییان دەکەنەوە.

## کچێکی فەرمانبەر بۆ پاراستینی ئاوڕووی خۆی دەوامەکەی جێدەهێلێ

بەگوێرەی ئەو زانیاریەی کە دەست پەیامنێری **رۆژی گەل** کەوتووە، کچێکی فەرمانبەر بۆ پاراستنی ئاوڕووی خۆی و بنەماڵەکەی ناچار بووە واز لە دەوامکردن بهێنێ.

کچێکی تەمەن ٢١ساڵ، بە ناوی (ع.ئ) دانیشتووی شاری ڕانیە لەبەر دەستکورتی بنەماڵەکەیان ناچار پەرۆشی دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمدا دەبێ، سەرەنجام لە ڕێی هاورێیەکی نزیکی خۆیەوە لە بەرێوەبەرایەتیێک دادەمەزرێ، بەلام گوایە هەر لەیەکەم رۆژی دەوام کردنیەوە لەلایەن بەرپرسەکەیەوە رەفتاری توندو نەشیاوی دەرهەق دەکرێ. پاش ئەوەی چەندین رۆژ ئەو رەفتار دووپات دەبێتەوە، کچەکە بە ناچاری پەنا بۆ بەڕێوەبەر دەبات و سکالای لێدەکات، کەچی بەرپرسەکە لەبەردەم بەڕێوەبەردا نکوڵی لێدەکات. بەڕێوەبەرەکەش بۆ ئەوەی دڵنیایی پێدات، ژمارەی تەلەفۆنی خۆی پێدەدات و داوای لێدەکات هەرکاتێ ئیشێکی هەبوو بچێتە لای تا بۆی ئەنجام بدات، بەلام گوایە بەڕێوەبەر بۆ خۆی مرخ لە کچەکە خۆش دەکات، دواتر چەندین جار داوای چوونەدەرو رابواردنی لێدەکات، ئەویش رەتی دەکاتەوەو دەست لە کارەکەی هەلدەگرێ.

هەرچەندە لەپێناو ئالۆزنەکردنی ئەو کێشەیەو لەپێناو پاراستنی سومعەی هەردوولا رۆژی گەل بەباشی نەزانی لێکۆلینەوەی زیاتر لەو کێشەیە بکات، بەلام خوازیارە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ خۆیان بەدوای ئەم کێشەیە دابچن و لێکۆلینەوەی وردی بۆ بکەن و راستیەکان ئاشکرا بکەن و ماف بۆ خاوەن ماف بگێڕنەوە.

## چۆمان: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نارەزایی لێدەکەوێتەوە

**هەواڵەکان:** رۆژی ٥-٢-٢٠٠٨ ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی شارۆچکەی چۆمان بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لەبەرانبەر بەرزکردنەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت لە ٣٧ هەزار دینار بۆ ٧٥ هەزار دینار رژانە سەرشەقامەکان و داوایان لەخەلک کرد کە هاودەنگی بنوێنن، یان نەوت وەرنەگرن یاخود لە ٣٧ هەزار دینار زیاتر نەدەن. خەڵکە نارازیەکە دەیانگوت: چونکە لە دەڤەری چۆمان تەنیا یەک بەرمیل نەوت دراوە، لە شوێنەکانی دیکە سێ بەرمیل نەوت، هەر بەرمیلی بە ٣٧ هەزار دینار دابەشکراوە، ئەمەش نارەوایەتی و جیاکارییە کە لە نێوان خەڵک ناوچەکاندا دەکرێ. بەمەبەستی کپکردنی دەنگی خەڵک، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش گەیشتنە شوێنی کۆبوونەوەکەو هەرەشەیان لەخەڵکەکە کرد و داوایان لێکردن کە نەوت بەو نرخە وەربگرن کە پارێزگاری هەولێر دیاری کردووە، هەرچەندە کە هێزەکانی ئاسایش هەرەشەیان کردو بەرپرسانیش ویستیان خەڵکەکە رازی بکەن و فریویان بدەن، بەلام خەڵکی نارازیی نەچوونە ژێرباری هەرەشەو داواکان، بەکارێکی رەوایان زانی کە داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، بۆیە تانکەرەکان بەرەو هەولێر گەڕانەوە.

## چەند ژنێک دەسووتێن

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ کچێکی دانیشتووی گوندی **کانی مارانی** دەڤەری بیتوێن، بەناوی (ئا. م)، تەمەن ١٦ساڵ لەکاتێکدا کە فێرخوازبووەو حەزی بەخوێندن کردووە، ەکچێ دایک و باوکی ویستویانە لە خوێندن دەریبهێن و بەزۆر بەشووی بدەی، ئەویش ئەو کارە پەسند ناکات، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسوتێنێ

رۆژی ٥-٢-٢٠٠٨ ژنێک بەناوی (خ.ع. ئە) دانیشتووی **شەقلاوە**، بەهۆی سووتانەوە، لەنەخۆشخانەی ئیمرجسنی شاری هەولێر گیانی لەدەست دا.

جێگەی ئاماژەیە کە چەند رۆژ پێشتر لەکاتێکدا کە ئەو قوربانیە ویستوویەتی نەوت لە زۆپا بکات، بەنزینی تێکردووە، بەوهۆیەوە زۆپا کلپەی کردووەو گڕی لەجەستەی بەربووە، هەرچەندە زوو بەهانایەوە دەچن و گڕەکە دەکوژێننەوە و رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، بەلام دوای چەند رۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، گیان لەدەست دەدات.

رۆژی ٥-٢-٢٠٠٨ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵان بەناوی (س.ح) دانیشتووی گوندی **دارەبەنی** دۆلی شاورێ بەهەڵە بەنزین لەجیاتی نەوت بۆ گەرمکردنی گەرماو بەکار دێنێ، بەداخەوە هەم ئاگری تێبەردەبێ، هەمیش بەرمیلەکە دەتەقێ و گەرماوەکەی بەسەردا دەرووخێ، لە ئاکامدا گیان لەدەست دەدات.

رۆژی ٦-٢-٢٠٠٨ ژنێک بەناوی (ئا) تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی **پیرمام** لەئاکامی کێشەیەکی کۆمەلایەتی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و بەڕێژەیەکی زۆر جەستەی دەسووتێ، هەرچەندە کە رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، بەلام دوا سێ رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

رۆژی ٧-٢-٢٠٠٨ ژنێکی دانیشتووی گوندی **بشیریانی** سەر بە دەڤەری بەردەڕەش بەناوی "د. ش" تەمەن ٢٠ ساڵ لەرقی هاوسەر و هەوێیەکەی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و هەولی خۆی سووتاندن دەدات، دەمودەست بەهاواریەوە دەچن، ئاگرەکەیان خامۆش دەکەنەوەو و دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی شاری هەولێری دەکەن. قوربانیەکە خۆی بە پۆلیسی راگەیاندووە کەلە رقی هاوسەرو هەوێکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوە. هۆکارەکەشی بۆ خراپی رەفتاری ئەوان گەڕاندەوە، بەوهۆیەوە سکالا لەدژی ئەوان تۆمارکراو بڕیاردرا لێکۆلینەوەیان لەگەلدا بکرێ. بەداخەوە بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

## تورکیا گۆڕستانی شەهیدانیش بۆردومان دەکات

سەرچاوەیەکی تایبەت بە **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا دوای ئەوەی گوندو ئاوایەکانی قەندیل و خواکوڕکیان بوردومان کردووە، کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی رۆژی٧-٢-٢٠٠٨ پەلاماری گۆڕستانی شەهیدانیان داوەو بۆمبایان بەسەردابارددووە.

هەر لەم پێوەندەدا موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان بە ئاژانسی هەواڵی فوراتی راگەیاندووە کە فڕۆکەکانی تورکیا هێرشیان کردۆتەسەر گۆڕستانی شەهیدان، هەلکەوتوو لەدەڤەری پاراستی گەل، زۆر بەخەستی بۆردومانیان کردووە. قەرەیلان ئەو هێرشەی وەکو قێزەوەنترین هێرش ناوبردووەو بە نیشانەی نائومێدی تورکیای لێکداوەتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان لە هەولی لەبێن بردنی نەتەوەی کورد سیاسەتی خاکی سووتاویان پیڕۆکردووە، رەزو باخی کوردستانیان سووتاندووە، ژەهریان رشتۆتە ناو کانی و رووبارەکانەوە، هەولیان داوە شوێنەواری مێژووی هەلتەکێنن و دیمۆگرافیای نیشتمان بگۆڕن، بەلام ئەمە یەکەمین جارە کە بەفەرمی هێزی ئاسمانی ولاتێکی داگیرکەر گۆڕستانێکی کوردان بۆردومان بکات.

هەر لەو پێوەندەدا قەرەیلان سوکایەتی کردنی بە تەرمی گەریلا شەهیدەکانی چەولیک و ئەشکەنجەدانی گەریلا دیل کراوەکان کردووە، بەلام داخباری خۆی لەهەمبەر بۆردومان کردنی گۆڕستانی شەهیدان دەربڕیوەو داوای کردووە کە گەلی کوردستان هەرگیز ئەو هێرشە نامرۆڤییە لەبیر نەکەن.

هەرچەندە هێرش کردنە سەر گۆڕستانی شەهیدان هیچ سوودو قازانجی دەولەتی تورکیا تێدا نیە، بەلام راستی شکست و بێهیوایی ژەنەرالەکانی تورک پێشان دەدات و خۆیای دەکات کە ئەوان لەداخی گورزی کاریگەری گەریلاکان دەستەووەستان ماونەتەوەو داخی دلی خۆیان بە گۆڕستانی شەهیدان دا دەڕێژن.

## بازرگانان بازاری ئالای نوێ عێراق گەرم دەکەن

سەرچاوەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە بازرگانی کوردستان و عێراق پەلە لە هێنانی ئالای نوێی عێراق دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بازرگان دروستکردنی رێژەیەکی زۆری ئالای عێراقیان لە کارگەکانی ولاتی چین بەڕادان داوە، ژمارەیەکی کەم گەیشتووە، واش چاوەڕوان دەکرێ لە رۆژانی داهاتوودا بارەکانیان بگەن و لە بازاڕدا ساغی بکەنەوە، بەتایبەتیش بازرگانانی کوردستان، چونکە سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری داوە ئەم ئالا نوێیە لەسەر تەواوی دامودەزگاکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە.

هەرچەندە ئالای عێراق کە بەئالای بەعس و سوپای ئەنفال دەناسرێ گۆڕانکاری رووکەشی تێداکراوەو تەنیا سێ ئەستێرەکەی لێ لادراوە، بەلام دیسانیشەوە پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێم دەنگی لەسەرداوەو بڕیاروایە ئەمڕۆ یەکشەممە ١٠-٢-٢٠٠٨ بە فەرمی لە هەرێمی کوردستان دا بەرز بکرێتەوە.

هەلکردنی ئالای عێراق لە هەرێمی کوردستاندا بڕیارێکی سیاسییە، بەلام دیسانیشەوە جێی نیگەرانی کوردستانیانە، بەتایبەتیش بنەماڵەی شەهیدەکان، چونکە برینەکان دەکولێنتەوەو رابردوو وەبیردەهێنێتەوە.

## هەواڵی سەیر

**دیاردەی** ماڵبرین و چوونە سەر ماڵان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لەماوەی یەک مانگ تەنیا لەناو شاری چەمچەماڵ دا نزیکەی ١٠ ماڵبراون و دزیان لێکراوە. کە زۆربەشیان هاوشێوەی یەکتربوون، بۆیە گومان دەکرێ ئەمانە گروپێک یان تۆرێکی دروستکراوبن، مەبەستی تێکدانی پێوەندی کۆمەلایەتی ئەم دیاردەیە پەرە پێبدەن، چونکە زۆربەی ئەو دزیانە لەو کاتانەدا کراون کە خاوەن ماڵەکان سەردانی کەسوکارو ناسیاوانیان کردووە. هەرچەندە کۆمەلێک کەس بە گومانی ئەو دزیانە گیراون، بەلام دیارە گروپەکە گەورەترە،چونکە دوای گیرانی ئەوانەش دزی دیکەی هاوشێوە روویداوە.

**رۆژی** ٢٠٠٨/٢/٦ لێپرسراوی نووسەرەکانی فەرمانگەی نفوسی ناحیەی لەیلان کەتا ئێستاش ناوەکەی هەر(ئوم ئەلمەعاریک)ە، بێ هیچ هۆیەک ئیشی و کاری خەلکی ڕاگرت و پێیانی گوت کەئەمڕۆ کار ناکەین، برۆنەوە رۆژی دیکە بێنەوە، دوای ئەوەی کە خەلکێکی زۆر چوون لەلای بەڕێوەبەری ناحیە و پۆلیس شکاتیان کرد ، دەرکەوت ئەو پیاوە تەنیا لەبەخاتری میزاجی خۆی فەرمانگەکەی ڕاگرتوە. شایەنی باسە ئەو پیاوە تورکمانە و سەر بەجەبهەی تورکمانیە و ئەمە یەکەم جاری نییە ئیهانەی خەلکی دەکات، ئاستەنگ و تەگەرە لەبەردەم ئەو مامەلانە دروست دەکات کە هەزاران خێزان بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠ پێوەی خەریکن، بەلام ڕۆژی شەممۆیان کە پشووی فەرمانگەکانیشە هەرکەسێ زیرەک بێ دەتوانێ بە(٥٠)هەزار مامەلەکەی تەواو بکات و چاوەروانی یەک دوومانگی دیکە نەکات.

**رۆژی** ٢٠٠٨/٢/٤ لە گەرەکی ئازادی شاری کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی ڕەنگ سور منداڵێکی تەمەن (١٠)ساڵانە بەناوی (ن. ا) دەفرێندرێ. بەگوێرەی زانیاریەکان سەرەتا منداڵەکە بانگ دەکەن و پرسیاری مالێکی لێدەکەن، لەگەڵ ئافرەتێکدا قسەداکات کە لەدواوە دانیشتوە و دەرگاکەی کردۆتەوە، منداڵەکە زۆر نزیک دەکاتەوە لەخۆی و دەرمانێکی دەکات بەدەم و لوتیا و دەبورێتەوە پاشان دەیرفێنن. دواتر کە بەهۆش خۆی دێتەوە و بۆیان دەردەوکەوێ کوری پیاوێکی سەوزە فرۆشە و سوودی لێنابینن، بۆیە بەرەلای دەکەن

**ولاتی** (ص) کە خەڵکی گوندی جلفەیە بە مەبەستی کرێکاری کردن دەچێتە کۆمپانیایەکی ئەجنەبی کەلە شاخەکانی پشت تیژە و تلیانەوە بۆ دەرهێنانی نەوت کاردەکەن، داوای لێدەکەن فۆرمێک پربکاتەوە، ئەویش ڕازی دەبێت .کاتێ فۆرمەکەی پێ پردەکەنەوە کە بۆ پاراستنی نهێنیەکانی ئەو کۆمپانیایە چەندین زانیاری وردی تیایە، لە خانەیەکا کرێدا ٣٠هەزار دیناری عێراقی نووسراوە، کەچی پێیانووتووە تەنیا ١٥هەزارت دەدەینێ! دەدەینێ.

**لە** مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەی منالبوون لە کەرکوک ٥ منداڵی بێ دایک و باوک تۆمار کراون کە لە کۆلان و شوێنە گشتیەکاندا فرێ درابوون. بەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٢/٨ خاوەنی فڕنیێکی سەمون بەناوی بەناوی (ش.ج)، دانیشتووی گەرەکی ساحەی تەیەران، کە بۆ کارکردن دەڕوات، دەبینێ منداڵێک بە خاولیەکەوە پێچراوە و لەبەردەم دوکانەکەی داندراوە، ئەویش هەلی دەگرێ بۆ نزیکترین پۆلیسخانەی دەبات. دوای زانیاری وەرگرتن، پێی دەلێن کەدەبێ بچێت لە نەخۆشخانە منالان تۆماری بکات و دواتر بێتەوە بۆ ئێرە و ئینجا بیدەن بە حاکم و منالەکە تەسلیم بە حکومەت بکرێتەوە. بەوهۆیەوە دەرکەوتووە کە لە مانگێکدا پێنجەم حالەتی لەم جۆرەیە بەرەسمی تۆمار کراوە.

**ئەمریکیەکان** رێگەی هاتووچۆی گوندەکانی دەڤەری قەزای چەمچەماڵ دەگرن. قەلا سپییەکانی چەمچەماڵ کە شێوەیان لە قەلای نوگرەسالمان دەچێ، پێش ڕاپەرینی ١٩٩١ جێگەی سوپای عێراق بوو، هەتا هاتنی ئەمریکیەکان بەچۆلی مابوونەوە،دواتر بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان نۆژەنکرایەوە، پاشان بۆ هێزەکانی ئەمریکا چۆلکرانەوە. بەوهۆیەوە ناوچەیەکی زۆر بە (محرەمە) دانراوەو رێگە بەخەڵک نادرێ بگەڕێنەوە گوندەکانیان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com